سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسڵی نوێی وڵاتی یۆنان کرد



بەیانیی ئەمڕۆ چوارشەممە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دیدارێکدا لەگەڵ نیکۆلاوس ستێریوولاس کونسولی گشتیی نوێی یۆنان لە هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لێکرد بۆ دەستبەکاربوونی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها هەموو پشتیگرییەکی بۆ سەرخستنی ئەرکەکەی دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە کونسولی گشتیی نوێی یۆنان لە هەرێمی کوردستان، دەربڕینی خۆشحاڵی بەدەستبەکاربوونی وەک کونسولی گشتیی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها هیوای خواست بتوانێت بەرەو بە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی و هاریکاریی هاوبەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بدات.